# ئایا باشتر وایە زەکات لە مانگی ڕەمەزاندا دەربکرێت ؟

< کوردي >

شێخ موحەممەد کوڕی صالح ئەلمونەجید

وەرگێران:دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# هل الأفضل إخراج الزكاة في رمضان؟

< كردي >

الشيخ محمد بن صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئایا باشتر وایە زەکات لە مانگی رەمەزاندا دەربکرێت ؟

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : بیستومە کە دەڵێن دەرکردنی زەکات لە مانگی رەمەزاندا خێری زیاترە وباشترە لە دەرکردنی لە مانگەکانی تردا، ئایا ئەمە ڕاستە ؟ وە ئایا بەڵگە چیە لەسەر ئەمە ؟ بۆ زانینیشتان کاتی فەرمی دەرکردنی زەکاتەکە پێدەچیت پێش ڕەمەزان یان دواى ڕەمەزان بێت .

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

**یەکەم** : زەکات ئەگەر هاتوو ساڵی بەسەردا گەڕایەوە واجبە دەربکرێت، زەکاتی دەغڵ ودان نەبێت کە دەبێت لەکاتی دروێنە و هاتنە بەرهەمیدا دەربکرێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ آتوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ ﴾ [ سورة الانعام : 141 ] , واتا : زەکاتی دەغڵ ودان و بەروبومی کشتوکاڵتان لەکاتی دروینە و هاتنە بەرهەمیدا دەربکەن .

غەیری کشتوکاڵ، زەکاتی ماڵو سامان ونەختەکان واجبە هەر کە ساڵی بەسەردا گەڕایەوە ( ساڵی کۆچی ) پەلە بکرێت لە دەرکردنی، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ سابقوا إلى مغفرة من ربكم وجنة عرضها كعرض السماء والأرض ﴾ [ سورة الحديد : 21 ] , واتا : پێشبڕکێ بکەن لە پێناو لێخۆشبوونی پەروەردگارتان و بەدەستهێنانی بەهەشتێك کە پانتایی و فراوانیەکەی هێندەی فراوانی وپانتایی ئاسمانەکان و زەوی دەبێت .

ابن بطال دەڵێت : بێگومان خێر لەوەدایە کە پەلە بکرێت لە دەرکردنی چونکە، بەڵاو ئافاتەکان دینە پێش، وەرگیریەکانیش دەبنە هۆی نەتوانینی دەکردنی، ومردنیش سڵ لەکەس ناکاتەوە، ودواخستنیشی شتێکی باش نیە .

ابن حجر ووتویەتی : غەیری ئەویش ئەمەیان بۆ زیاد کردووە : دوانەخستنی زەکات گەردنی مرۆڤ پاکتر دەکاتەوە، وپێداویستیەکانیش پرتر دەکاتەوە، وە دورتریشە لەو دواخستنەی کە بەخراپە باسکراوە، وە لای پەروەردگاریش زیاتر لێی ڕازیە، وە گوناهو تاوانەکانیش زیاتر دەسڕێتەوە .

**دووەم :** دروست نیە، ماڵوسامان ئەگەر ساڵی بەسەردا گەڕایەوە زەکاتەکەی دوابخرێت، مەگەر عوزرێکی شەرعی دروست هەبێت .

**سێهەم :** دروستە لەبەر بەرژەوەندی هەژاران دەرکردنی زەکات پێش کاتی خۆی دەربکرێت .

پێشخستن و پەلە کردن لە دەرکردنی زەکاتیش : واتا بۆ نموونە زەکاتی دوو ساڵ یان کەمتر پێش ئەوەی ئەو ماڵ وسامان ومەڕوماڵاتە یان ئەو پارەیە ساڵی بەسەردا بگەڕێتەوە دەربکرێت .

بەڵگەش بۆ ئەم مەسئەلەیە : عن علي ( رضي الله عنه ) " أنَّ النبي صلى الله عليه وسلم : تعجَّل من العباس صدقة سنتين " [رواه أبو عبيد القاسم بن سلام في " الأموال " ( 1885 ) . وقال الألباني في " الإرواء " ( 3 / 346 ) : حسن .

وفي رواية ], واتا : عەلی کوڕێ ئەبو طالب ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) زەکاتی دوو ساڵی پێشتر لە عەباسی مامی وەرگرتووە .

لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە : عن علي أن العباس سأل رسول الله صلى الله عليه وسلم في تعجيل صدقته قبل أن تحل فرخص له في ذلك [رواه الترمذي ( 673 ) وأبو داود ( 1624 ) وابن ماجه ( 1795 ) ] ، واتا : عەلی دەگێڕێتەوە عەباس داوای کرد لە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) کە زەکاتی ماڵ وسامانەکەی بۆ پێش بخات، ئەویش ڕازی بوو وە ڕێگای پێدا .

**چوارەم :** خێر وزەکات و ئیحسان کردن بە خەڵکی لە مانگی ڕەمەزاندا باشترە و خێرترە لە مانگەکانی تر، بە بەڵگەی : عنْ ابْنِ عَبَّاسٍ ( رضي الله عنه ) قَالَ : " كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَجْوَدَ النَّاسِ ، وَكَانَ أَجْوَدُ مَا يَكُونُ فِي رَمَضَانَ حِينَ يَلْقَاهُ جِبْرِيلُ وَكَانَ يَلْقَاهُ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ مِنْ رَمَضَانَ فَيُدَارِسُهُ الْقُرْآنَ فَلَرَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَجْوَدُ بِالْخَيْرِ مِنْ الرِّيحِ الْمُرْسَلَةِ " [رواه البخاري (6) ومسلم (2308) ], واتا : عەبدوڵای کوڕی عەباس ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە، ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) بەخشندەترین کەس بووە، وە لەمانگی ڕەمەزانیشدا لە هەموو کاتەکانی تر بەخشندەتر بووە، کاتێك جوبرەیل دەگەیشت بە خزمەتی، چونکە جوبرەیل هەموو شەوێکی ڕەمەزان دەهاتە خزمەتی و قورئانی پێدەگوتەوە، پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لە شنە بای هەڵکردوو بەخشندەتر بووە لە خێر وچاکەدا .

ئیمامی نەوەوی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : لەم فەرموودە پیرۆزەوە سوودگەلێکی زۆری تێدایە، لەوانە : سوننەتە خێرو خێرات و بەخشندەی زیاتر بکرێت لە مانگی ڕەمەزاندا .

جا هەر کەسێك زەکاتەکەی لە ڕەمەزاندایە، یان لە دوای رەمەزانەوەیە، بەڵام پەلەی کرد و لە مانگی رەمەزاندا دەری کرد، بۆ ئەوەی فەزڵی زیاتری دەست بکەوێت لەو مانگەدا، ئەوا ئاساییە و هیچ گرفتێك نیە، بەڵام ئەگەر هاتوو زەکاتی ماڵوسامانەکەی پێشتر دەبوو دەری بکردایە، بۆ نموونە لە مانگی (رەجەب ) دا، بەڵام ئەو کەسە وویستی دوای بخات بۆ مانگی ڕەمەزان ئەوا دروست نییە، چونکە دروست نییە زەکات لەکاتی دیاری کراوی خۆی دوابخرێت، ئەگەر لەبەر عوزرێکی شەرعی وەرگیراو نەبێت .

**پێنجەم :** هەندێك جار هەندێك هۆکار دێنە پێش کە پەلە بکرێت لە دەرکردنی زەکات لە غەیری ڕەمەزاندا باشتر و ئەفزەڵتر بێت، وەك ئەوەی ئەگەر هاتوو نەهامەتی و ڕووداو و برسیەتیەك ڕووی کردە هەندێك لەووڵاتی موسڵمانان، لەم کاتەدا دەرکردنی زەکات زۆر باشتر و ئەفزەڵترە لەوەی کە لە مانگی ڕەمەزاندا دەری بکەیت، هەروەك چۆن زۆرێك لە خەلکی و دەوڵەمەندەکان زەکاتەکانیان لە مانگی ڕەمەزاندا دەردەکەن و پێدوایستی هەژارانی پێ چارەسەر دەکەن، دواتر دەبینیت کە لە غەیری ڕەمەزان هەژارێك نابینیت زەکاتەکەتی بدەتێت، لەم حاڵەتدا دەرکردنی زەکات لەمانگی ڕەمەزاندا باشترە وخیردارترە، هەرچەندە ببێت بەهۆی دواکەوتنی زەکاتەکەش لەکاتی خۆی، ئەویش لەبەر موراعات کردنی بەرژەوەندی هەژار و نەداران .

**شەشەم :** شیخ ابن عثمین (رەحمەتی خوای لێ بیت ) **ووتویەتی** : **يجوز تأخير الزكاة لمصلحة الفقراء لا للضرر بهم ، فمثلاً عندنا في رمضان يكثر إخراج الزكاة ويغتني الفقراء أو أكثرهم ، لكن في أيام الشتاء التي لا توافق رمضان يكونون أشدّ حاجةً ، ويقل من يخرج الزكاة ، فهنا : يجوز تأخيرها لأن في ذلك مصلحة لمستحقها .** "[ الشرح الممتع " ( 6 / 189) ] .

واتا : دروستە لەبەر بەرژوەندی هەژاران نەك زیان پێگەیاندنیان، زەکات دەرکردن دوابخرێت، بۆ نموونە : لای ئێمە لە ڕەمەزاندا زۆرێك لە خەڵکی زەکاتی ماڵوسامانیان دەردەکەن و بەو شیوەیەش پێداویستی هەژاران و نەداران یان زۆربەیان پڕ دەکرێتەوە، بەڵام لە ڕۆژانی زستاندا کە هاوکاتی مانگی ڕەمەزان نیە، و هەژاران زیاتر پێویستیان بە زەکات و یارمەتی دان هەیە، لەم کاتەشدا خەڵکی زۆر کەم زەکاتەکانیان دەردەکەن، لەم حاڵەتەدا دروستە زەکات دوابخرێت، چونکە لەو دواخستنەدا بەرژەوەندی کەسانی موستەحەقی تێدایە ..

خوای گەورەش زاناترە ....

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ...